# محەمەد حەمە باقی لە ژیان و بەرهەمەکانی د.ئیبراهیم یونسی دەدوێت



محەمەد حەمە باقی شاعیر و رۆشنبیریی دیاری کورد، یەك لە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانی د.ئیبراهیم یونسی، کە وەك خۆی ئاماژەی بۆ دەکات دەیان جار لە ماڵەکەی ئیبراهیم یونسیدا پێکەوە شەن و کەوی باری ڕۆشنبیریی و کولتووریی کوردییان کردووەو چەندین بابەت و لاپەڕەی مێژووی گرنگی کۆماری کوردستان لەنێوان خۆی و یونسیدا پارێزراوەو بڕیارە لە داهاتوودا بۆ یەکەمین جار ئەو نامە و دەستنووسە نهێنییانەی ئەو کۆمارە بکرێتە کتێبێکی دانسقە.

لەم دیدارەدا محەمەد حەمە باقی باس لە زۆر لاپەڕەی نهێنی ئەو ڕۆشنبیرە گەورەیەی کورد دەکات و پێی وایە یونسی بۆخۆی ئینسکلۆپیدیایەکی گەورەی کوردە و دڵسۆزییەکی زۆر تایبەتی بۆ خزمەت و دۆزی نەتەوەکەی هەبووە.

**دیمانە: کامەران سوبحان**

**-با سەرەتای چاوپێکەوتنەکەمان بەو پرسیارە سادە دەست پێبکەین، تۆ ئەم هەموو نهێنی و زانیارییانەت لەسەر د.ئیبراهیم یونسی چۆن دەسکەوتووەو چۆن بوو یەکەمجار بە دیداری ئەو گەیشتوون؟**

*لەڕاستیدا دوای ئەوەی کە بەئاوارەیی چووبووینە خۆرهەڵاتی کوردستان، برایم خان ناوێکی ناسراو و بەناوبانگی ناوەندی رۆشنبیریی بوو لە تەواوی ئێراندا، منیش وەك رۆشنبیر و ئەهلی کتێب حەزم دەکرد بیناسم و بە خزمەتی بگەم، بۆیەکەمین جاریش لە رێگەی نووسەری خۆشەویست کاك رەئوف تەوەکلی چووین بۆ ماڵی ئیبراهیم یونسی لە تاران، دیار بوو ئەویش دووراو دوور ناوی منی بیستبوو سەردانەکەی زۆر پێخۆش بوو، هەر لە یەکەم بینیندا من و برایم خان وامان هەست دەکرد زۆر دەمێکە یەکتر دەناسین، لەو سەرەتایەوە کاك برایم خان تەکلیفی کرد هەرجارەی رێم بکەوێتە تاران بچم و سەردانی بکەم و یەکتری ببینین، هەرواشم کرد، هەرجارەی سەردانی تارانم بکردایە یەك لە بەرنامەکانم ئەوە بوو سەردانی ماڵی برایم خان بکەم، بەتایبەتیش بە پێشوازییە گەرمە کوردانەکەی خۆی و رۆزا خانمی هاوسەری زۆر جێگەی رێز بوو لای من، ئێوارەیەکیان بێ ئاگادارکردنەوەیان خۆم بە تەنها رۆیشتم بۆ ماڵیان، کاتێك رۆزا خانمی هاوسەری دەرگاکەی لێکردمەوە من بە فارسی پێم وت ئێوارەت باش، یەکسەر رۆزا خان پێی وتم ئەوە بۆ بە کوردی ناڵێیت ئێوارەت باش، زۆرم پێخۆش بوو ئەو خانمە میهرەبانە ئەرمەنییە بەو کوردییە پاکە بدوێت، هەر لەوێدا وتی دەمێکە دیار نیت و برایم خان دەمێکە چاوەڕێتە، ئەو وشەیە دەمێکە دیارنیت وای دەکرد زۆرجار ماوەیەك بخایەنێت و نەچم بۆ لای برایم خان تەلەفونی دەکرد و دەیووت بۆ دیارنیت؟ هەمیشە کە دیاریش نەبوومایە، کاتێك ئەو خۆشەویستانەی سەقز و بانە و سنە کە دەچوونە لای و منیان دەناسی گەر کتێبی تازەی دەربچووایە بەواندا بۆ منی دەنارد، ئێستاش هەموویان لام پارێزراون کە بە کوردییەکی رەوان و جوان پێشکەشی کردووم.



**- پێتان وایە پێگە و کاریگەریی برایم خان بۆ کورد بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بە تایبەتی تا چەند گرنگ و پڕ بایەخە؟**

*برایم خان بۆ کوردستانی خۆرهەڵات زۆر گەورە بوو، ئەو ناوێك بوو زۆر جێگەی بۆ ئێمە پڕکردبوویەوە، دەتوانم بڵێم





کتێبێکی یونسی بەئیمزای خۆی پێشکەشی محەمەد حەمە باقی کردووە



قیام شیخ سعید پیران

(کردستان - ۱۹۲۵)

نوشته:

رابرت اولسن

ترجمه:

ابراهیم یونسی

مؤسسه انتشارات نگاه

تهران - ۱۳۷۷

ئەو بالۆیزی روناکبیریی کوردی بوو لە شارێکی فرە کوردی وەك تاران کە خۆی بۆخۆی تایبەتمەندییەکی گەورەی هەبوو، دەتوانم بڵێم ئەو نەتەوەیەك بوو، ئەم پیاوە میهرەبانە دوای ئەو هەموو کارەساتەی کە بەسەریدا هات زۆر بە تاسەوە بیری لە کوردایەتی دەکردەوە، حەزی بەوە دەکرد زۆرێك لەو کتێب و سەرچاوە گرنگانەی مێژوو کە نووسەران و بیریارانی رۆژئاوا لەسەر کورد نووسیویانە وەرگێڕێت و لەو رێگەیەوە خزمەتێك بە دۆزی نەتەوەکەی خۆی بکات، ئەمە وای کرد برایم خان ببێت بە جێگەی سەرنجی هەمووان، خۆی وەك نووسەرێکی گەورە لە ماڵێکدا بتوانێت ئەو هەموو کارە بکات، لایەکی تری گرنگی برایم خان ئەوە بوو جگە لەوەی ئەو کە نووسەرە پلەو پایەیەکی باڵای کوردی نیشانی نووسەران و رۆشنبیرانی تری ئێرای بدات، باوەڕبکە کاتێك لە ماڵەکەیدا دەبووین و دەمان بینی کەڵە نووسەرانی ئێرانی دەهاتن و لە بەردەمیدا دادەنیشتن بە چۆکەوە ئەوەندە ویقاری ئەم نوسەرە کوردەمان گەورە بوو، زۆرجار سیاسەتمەدارە گەورەکانی ئێرانیش دەهاتن و بە هەمان شێوە دادەنیشتن، لایەنێکی تری ئەم پیاوە کە زۆر درەوشاوە بوو خۆ بە کوردزانینەکەی و شانازی کردن بوو بە کوردبوونەوە، بۆ نموونە ئێمە لە ئێران نووسەرێکی تری ناوداری کوردمان هەبوو کە ناوی محەمەدی قازی بوو، خوا لێی خۆش بێت ئێستا کۆچی دوای کردووە، ئەویش نزیکەی ٨٠ کتێبی وەرگێڕا، بەڵام رۆحی کوردانەی محەمەدی قازی و د.ئیبراهیم یونسی ئاسمان و رێسمانی بەین بوو، خوالێخۆش بوو محەمەدی قازی رۆژێك لە رۆژان لە دیمانەیەکدا شانازی بەوەوە نەکردووە کە کوردە، زۆر داوای لێبوردن لەم راستییە دەکەم کە دەیڵێم، قازی لە تەمەنیدا یەك کتێبی لەسەر کورد وەرگێڕاوەو لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت "سوپاسی دکتۆر عەزیزی فەیزنەژاد دەکەم کە تەکلیفی لێکردم ئەو کتێبە وەربگێڕم، واتە ئەو تاسەی نەبووە لەسەر مێژووی کورد و کوردستان کتێبێك وەربگێڕێت بۆ کوردی.

ئەمە لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە برایم خان کە لە گەڵیدا دادەنیشتین بە تاسەوە دەیگوت چی گرنگە وەریبگێڕین بۆ مێژوو کولتووری کوردی، هەمیشە ئەو وتە و قسانەی کە دووژمنان بۆ کورد و مێژووەکەی دروستیان دەکرد ئەو بە بەڵگەوە رەتی دەکردەوە، واتا وێنەی کورد لە ماڵە رۆشنبیرییەکەی کاك برایمدا بۆ رۆشنبیرانی ئێرانی وێنەیەکی زۆر راستەقینە و جوان و پڕ بەڵگە بوو، ئەمە بۆ کورد زۆر گرنگ بوو لە ئێستا و رابردووشدا.

***کاتێك تۆ وا باسی برایم خان دەکەیت و ئەو بەڵگە ونامانەشی لای تۆ دەبینین بەو کوردییە رەوان و بێ خەوشە نووسیوویەتی، پرسیاریی ئەوە دەکەین باشە بۆ بە کوردی بابەت و کتێبەکانی نەنووسیووە و بە فارسی بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە، چونکە ئەو لە چارەکی کۆتایی ژیانی خۆیدا و لە بیری چەپگەراییەوە هاتە ناو بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، دەرکی بەوە کرد کە پێویستە کار بۆ فەرهەنگی کوردی بکات، پێشتر برایم خان کۆمۆنیستێکی خاوەن بیر و ئایدۆلۆژیا بوو هەر ئەو کاتەش زیندانی کراو بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام بەهۆی کەم ئەندامییەوە بڕیارەکەی بۆ سووك کرا بۆ زیندانی هەتا هەتایی پاش هەشت ساڵ لە زینداندا ئەوسا ئازاد کرا، لەو ماوەیەشدا بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکسی بوو، هەر بۆیە

لەو بوارەشدا زۆر شارەزا بوو، لایەکی تریش برایم خان پێی وابوو بە فارسی نووسین زیاتر و زۆرتر خوێنەر لە ئێراندا دەیخوێنێتەوەو ئامانجە نەتەوەییەکان دەپێکێت تا لەوەی بە کوردی کە بە تەنها کورد دەیخوێنێتەوە، با بگەڕێینەوە بۆ ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆچی شەرەفخانی بەدلیسی مێژووی کورد و کوردستانی بە فارسی نووسی؟ لە بەر ئەوەی لەو سەردەمەدا زۆربەی ڕۆشنبیرەکان فارسی خوێن بوون، واتە خوێنەرەکانی کاك برایم فارسی خوێن بوون، ئەویش هەمیشە بەرهەمەکانی لەسەر کورد وەردەگێڕا بە زمانێکی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنبیرانەی کوردانە بوو، نموونەیەکت بۆدەهێنمەوە کاتێك کتێبێکی کریس کۆچێرای وەرگێڕا بوو لە پێشەکییەکەیدا برایم خان ڕەخنەیەکی زۆر لە خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی دەگرێت، کە دەبێت ئەو وای بکردایە و وای نەکردایە، کاتێکیش من لەگەڵی دوام و پێم وت کاك برایم زۆر قسە هەیە هی ماڵی خۆمانە بۆدەچی لە پێشەکی ئەو کتێبە و دەیخەیتە بەرچاوی خوێنەرانی فارس و نەتەوەکانی تر، ئەو وتی نەخێر پێویستە لە کاتی خۆیدا و لەو قۆناغەدا کە تێیدا دەژین ڕەخنەکانمان بە ئازایانە بگرین، قسەکانی برایم خان وا دیار بوو بە ڕێگەیەك گەیشتبوویەوە بە کوڕەکانی مەلا مستەفای بارزانی و دیارە زۆریان پێیان ناخۆش بوو کە ئەو لەو پێشەکییەدا ئەو ڕەخنانەی لە بارزانی گرتووە، هاوکات کتێبەکەی کریس کۆچێرا کەسێکی تر کردی بە کوردی، ئەو کاتەی کە لە سەقز دەژیام ئاغای محەممەدی خوا لێی خۆش بێت لەگەڵ ئەو وەرگێڕەدا هاتن بۆ ماڵمان و ئاغای محەممەدی بۆ ئەوە هاتبوو کە بزانێت من لە کوردی ئەو کتێبە ڕازیم یان نا، کاتێك قسەمان کرد وا دیاربوو ئەو وەرگێڕە چووبوو بۆ ئەڵمانیا و یەکێك لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو بارزانی بینیووە و ئەو پێشەکییەی کتێبەکەی کریس کۆچێرایان پیشان داووە هانیان داوە پێشەکییەك بنووسێت و وەڵامی پێشەکییەکەی برایم خان بداتەوە، من بە ئاغای محەممەدیم وت تۆ مەکەوەرە ئەو ململانێییەوە، ئەگەر ئەو بتوانێت ئەو کتێبەی کریس کۆچێرا بە کوردییەکی پاك بۆمان دەکات ئەو کارە بکات باشترە، بەڵام دیارە هەر کتێبەکەی چاپکرد و بە پێشەکییەکەش وەڵامی ئیبراهیم یونسی دایەوە، ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو من جارێك لە سەقزەوە هاتمەوە بۆ هەرێمی کوردستان و میوانی کاك مەسعود و کاك نێچیرەڤان بووم، بە بێ ئەوەی ئەوان ئاگاداری ئەو بابەتە بن کە من چیم وتوە لەسەر ئەو پێشەکییە، ئەوان ئەو بابەتەیان لەگەڵ من کردەوە، قسەکانیشیان بۆنی ئەوەی لێدەهات گلەیی لە برایم خان بکەن، منیش پێم وتن باشە بۆ ئێوە پێتان وایە دەبێت سەد دەرسەد هەموو کەس ئێوەی خۆش بووێت ئینجا بەلای ئێوەوە پەسەندە، پێم وتن برایم خان وەك ڕووناکبیرێك ڕەخنەی گرتووە، خۆ ئێوە بەرامبەر ئەم ڕەخنانەی هیچ هەڵوێستێکتان نییە نە باش نە خراپ، هەر لەوێ پێم وتن د.ئیبراهیم یونسی نووسەرێکە هەموو ئێران بە چۆکەوە لە بەردەمیدا دادەنیشێت، باشە بۆ ئێوە پردێك لەگەڵیدا دروست ناکەن، وتیان چی بکەین وتم نامەیەکی بۆ بنووسن، هەردووکیان کاك مەسعود و کاك نێچیر یەکی نامەیەکیان بۆ نووسی و منیش نامەکەم بۆ برد بۆ تاران، نامەکەش تەنها خۆشەویستی و ڕێزی ئەو بەڕێزانە بۆ برایم خان بوو، کە بردیشم برایم خان پێی خۆش بوو، بەڵام وتی مانای وانییە واز لە بیروباوەڕەکانی خۆم بێنم لە دوای نامەکانەوە، بە مانایەك ڕووناکبیر پێویستە بیروباوەڕەکانی خۆی بە ئازادی بڵێت و شەرم نەکا لە وتنی، وەڵامی نامەکانیشی نەداوەو بەڵام لای من بە دەمی سوپاسی کردن .

*** لەگەڵ ئەو ڕەخنانەش لە مستەفا بارزانی خوالێخۆشبوو، پێم وایە برایم خان بەشێکی باشی مێژووی بارزانی و شۆڕش و کۆماری مەهابادی پاراستووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو پیاوە ڕاستە ڕەخنەگرێکی ئازا و بە سلیقە بوو لە بارزانی بەڵام مێژووە گەش و گەورەکانی ژیانی ئەویشی پاراستووە. ئەمەش خزمەت بە مێژووی کورد دەکات لەو قۆناغەدا؟**

* ئەم بابەتەی وروژاندت زۆر ڕاست و بەجێیە، ڕێگەم بدە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم و کۆمەڵێك زانیاری گرنگ بۆ خوێنەران لەسەر ئەو پرسە بخەمەڕوو، دوای گەڕانەوەی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەو سەردانەمدا جارجار یونسی بە بزەیەکەوە پێی دەوتم تۆ کەی دەگەڕێیتەوە





بۆ کوردستانی عێراق، منیش زۆرم پێ سەیر بوو هەمیشە کە لە تارانەوە دەگەڕامەوە بۆ سەقز لە بەر خۆمەوە دەموت تۆ بڵێی برایم خان بۆ ئەو پرسیارەی لێکردم، جارێکیان سەرکێشیم کرد و لێم پرسی بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت؟ پێی وتم کەی گەڕایتەوە کارێکم پێتە ئەو کات پێت دەڵێم، لە سەروبەندی بڕیاری گەڕانەوەی یەکجاریم بۆ هەرێمی کوردستان لە دۆستانی بیستبوو دەگەڕێمەوە. پەیتا پەیتا تەلەفونی بۆ دەکردم و پرسیاری دەکرد کەی دێیت بۆ تاران کەی بت بینم و چۆن بت بینم؟ تا چەند مانگێک پێش گەڕانەوەم چوومە خزمەتی و وتم دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان ، ئەو دڵی پڕ بوو فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس بوو، وتی شتێکت بۆ باس و کۆمەڵێك دیکۆمێنتی گەورەت پێدەدەم، دیارە بۆ ئەوەش ئەو زۆر متمانەی بە دڵسۆزی و خەمخۆری من هەبوو، دیکۆمێنتەکانیش تایبەت بوو بە ساڵی ١٩٤٦ لە گەرمەی ڕووداوەکانی کۆماری مەهاباد و هەرەسی شۆڕش و کۆمارەکە و هەڵهاتنی پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشە لەگەڵ خوالێخۆشبوو مستەفا بەرزانی و پەڕینەوەیان لە ئاوی ئاراس بەرەو ڕووسیا، وەزیری بەرگری ئێران کە ناوی سەرهەنگ وسووقییە و کچەکەی کە لە ڕێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بوو بە دزی باوکییەوە هەموو ئەو نامە نهێنییانەی کە لەسەر ئەو کۆمارە و پێشمەرگەکانی و بارزانی لە دەوڵەتەوە بۆی هاتبوو، وەزیر پەراوێزی لەسەر نووسی بوو، ئەو کچەی وەزیر بە دزییەوە دانەیەکی لای خۆی دەپارێزێت و کۆپی دەکات، دواتریش هەموو ئەو نامە نهێنییانە دەسپێرێت بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی، دوای کۆتایی هەموو ڕووداوەکان لە ساڵی ١٩٤٨ حیزبی کۆمۆنیستی هەموو ئەو نامانەیان تەسلیمی برایم خان کردبوو، لەو ساڵانەوە ئەم پیاوە ئەم نامانەی پاراستووە کەسێك لە زمانی نەبیستووەو هەڵیگرتوون، ئەم نامانە بریتین لەوەی کە لە کۆمارەکە چی ڕوودەدات و پەیوەندی سوپاس و شتی نهێنی زۆر هەستیاری تێدایە لەوانە کاتێك لە نامەکەدا بە درۆ باسی ئەوە دەکەن کە ئەوەندە پێشمەرگەمان کوشتووەو وا ڕاومان ناون و ئەوەمان کردووە، لە نامەی تردا بە نهێنی نووسراوە بارزانی و پێشمەرگەکانی وا پەلاماریان داوین و ئەوەندە سەربازیان کوشتووەو ئەوەندە ڕەبایەیان سووتاندووە، وەزیریی سەربازی لە پەراوێزی نامەکەدا نووسیوویەتی دەك دەستان بشکێت، ئەم نامانەش ژمارەیان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ نامەیە و بە ئەمانەتەوە برایم خان دایە دەستم.

*** ئەی تۆ چیت لە نامەکان کرد و بەتەمای چی لێ بکەیت، بیرت لەوە نەکردووەتەوە بیکەیتە کتێبێکی مێژوویی گرنگ و چاپیان بکەیت؟**

- هەموویم پاراستووە، کە هاتمەوە بۆ هەولێر کاك مەسعود بەمەی زانی بوو کە ئەم نامانە لای منە و پێی خۆش بوو لیژنەیەك دروست بکات لەسەر ئەو کتێبە و کارەکانی بەشێوەیەکی دروست ڕێك بخەین، ئەم کتێبەش بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی کورد کە ڕەنگە پێشتر کەس نەیبیستبێت و نەیزانیبێت، ئەم کوردایەتی کردنەی کاك برایم لەناو حیزبی کۆمۆنیستیشدا دەیەوێت کوردایەتی و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت لاپەڕەیەکی زۆر ڕووناکە لە ژیانی ئەو، شتێکی تریش بڵێم لەسەر دواکەوتنی ئەو کتێبە بەو پێیەی بەڵگەنامەکان کە لە هامیشدا وەزیر شتی لەسەر نووسیوە، خەتێکی زۆر ناڕوونە و لە خەتی ئەو


تاريخ ادبيات آفريقا
نوشتهٔ: او. آر. دی ثورن
O. R. DATHORNE
UNIVERSITY OF MINNESOTA
ترجمهٔ: ابراهیم یونسی

کتێبێکی مێژووی ئەدەبیاتی ئەفریقا
یونسی بەئیمزای خۆی پێشکەشی محەمەد حەمە باقی کردووە

دکتۆرە دەچێت کاتێك بۆ نەخۆش دەرمانێك دەنووسێت کە رەنگە بەس دەرمانسازێك لەو خەتە تێ بگات، جا بۆیە ئێمەش دەمانەوێت هەموو ئەو هامشانە وەك خۆی بخوێنینەوەو هیچ شتێکیمان بەسەردا تێنەپەڕێت.

*** بەدەر لەم لایەنە سیاسییەی ئەی کاریگەریی د.ئیبراهیم یونسی لەسەر رۆشنبیرانی ئێرانی بەتایبەتی فارس چەند بوو بە تایبەتی لە رووی کولتووری و ئەدەبی و رامیارییەوە؟**

- د.ئیبراهیم یونسی بەردەوام ئەوەی لای رووناکبیرانی ئێرانی دەچەسپاند کە پێویستە بە گیانی نەتەوەیەکی ستەملێکراوی ژێر دەستە ئاوڕێکی زۆر راستگۆیانە لە میللەتی کورد بدەنەوە، لێت ناشارمەوە زۆرێك لە رۆشنبیرانی ئێرانی پێیان وایە تا ئێستەش رۆشنبیریی کوردی لقێکە لە رۆشنبیریی و کولتووری فارسییەو داواکاری رۆشنبیرانی کوردیش بۆ پارچە پارچەکردنی ئێرانە لە رووی جوگرافی و سیاسی و کولتوورییەوە، د.یونسی ئەم بیروباوەڕی بۆ راست دەکردنەوە هەمیشە دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵ رۆشنبیرە بەناوبانگ و دیارەکانیاندا هەبوو، هەموویان بە خۆشەویستی و رێز و گەورەییەوە ئەو گفتوگۆیەیان لەگەڵ ئیبراهیم یونسی دەکرد.

*** یەکێکی تر لە لایەنە دیارەکانی ژیانی کولتووری و رۆشنبیریی د.ئیبراهیم یونسی فرە بەرهەم و فرەکاری بووە، بەجۆرێك رۆماننووسین، وەرگێڕانی ئەدەبی، مێژوویی، یاداشت و بیرەوەری و دیکۆمێنتی هەبوو، ئایا ئەم فرە بەرهەمییە ئەو پیاوەی پەرتەوازە نەکردبوو؟**

-داوای لێبوردن دەکەم کاکە کامەران من پێچەوانەی تۆ و زۆر نووسەری تریش لەو بابەتەدا بیر دەکەمەوە، پێش ئەم گفتوگۆیە من و تۆ باسی ئەوەمان کرد هەندێ کار هەیە کاری تۆ نییە، بەڵام پێویستییەکی هەنووکەییە و مێژوو دەیخاتە سەر شانت، چونکە کەسی تر ئەو کارەی نەکردووە، لە کاتێکدا کاری تۆ نییە، من پێشتر بۆم باس کردیت ئەرێ مێژووی مۆزیکی کوردی کاری منە ساغی بکەمەوە؟ لە کاتێکدا مێژوو کارێکی زانستی وشە و رەنگە زۆر کەسیش حەزی پێ نەکات، بەڵام کارەکانی ئیبراهیم یونسیش کە بە هەموو جۆرێك و لە هەموو بوارێکدا حەزی دەکرد پەیامەکە بگەیەنێت، قۆناغی ئیبراهیم یونسی لە ئەدەبدا ئەو قۆناغەیە کە پێی دەوترێت قۆناغی ئینسکلۆپیدیا، با نموونەیەکی کوردستانی خۆمانت بیر بخەمەوە، خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەو هەموو کارەی بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی کردی زۆربەیان کاری ئەو نەبوون، بەڵام ئینسکلۆپیدیایەك بوو لەو قۆناغەدا کاری زۆری کرد جگە لەویش هەریەك لە عەلائەدین سوجادی، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا جەمیلی رۆژبەیانی خوا لێیان خۆش بێت کە ئیتر نموونەیان لە ئەدەبی کوردیدا نابێتەوە، د.یونسیش هەمان شت بوو، بۆیە ئەو حەزی دەکرد هەر بوارێك پێویستە بۆ کولتوور و فەرهەنگی کوردی ئەو کاری تێدا بکات، من پێم وانییە ئەو فرە کارییەش کارەکانی کاڵ کردبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەو خوێنەوارێکی گەورە بوو کارەکانیشی سەنگ و قورسایی خۆیانی هەبوو، یەکێك لە دواهەمین کتێبەکانی بیرەورییەکانی خۆی بوو بەناوی (کەسێك وێنەی خۆم) چاپی کرد و کتێبێکی زۆر دانسقەیە، لەم کتێبەدا تەلاری رستەسازی کاك برایم بەشێوازێك داڕێژراوە خوێنەر بزانێت ئەو نووسەر و رووناکبیرە فارس نییە، ئەم کەسە موڵکی میللەتێکی ترە، ئەم میللەتە خاوەن ئەم تایبەتمەندییەیە لەو کارە رستەسازییە ئەدەبییەدا، کاك برایم ئەمەی بە ئەنقەست دەکرد بۆ ئەوەی کوردبوونی خۆی بخاتە روو، ئەو ئیویست بڵێت پێشینانی ئێمە ئاوا رستەیان دەنووسی.

***رەچاوکردنی رێنووس و رێزمانی کوردی لە نامە و دەستنووسەکانیدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئیبراهیم یونسی کوردی زانێکی زۆر باش و بە سەلیقە بووە، ئایا ئەو بۆچوونەش لای تۆ نییە سەبارەت بە زمان زانی و رێزمانی کوردییەکەی؟**

-ئافەرین زۆر جوانە، لە کاتێکدا ئەو ئەم رێنووسە خۆی فێربووەو لە هیچ پۆلێکدا نەیخوێندووە، لە کاتێکدا کەس فێریی نەکردووە لە کوێدا دوو (و) دەنووسرێت و لە کوێدا یەك (و)بەڵام پەرۆشی ئەم بۆ نووسین و فۆنەتیکی کوردی وای کردبوو کە بزانێت ئەم وشەیە (ووەکە) درێژە و بە دوو (و) دەنووسرێت و ئەو وشەیە کورتە بە یەك (و) دەنووسرێت، لەبەر ئەوە ئەمە خەمخۆری ئەوە بۆ رێزمان و کولتووری نەتەوەکەی .

*** پێتان وایە وەك پێویست رۆشنبیریی کوردی و رۆشنبیران ئاوڕییان لەم سەروەت و خەزێنە رۆشنبیرییەی ئیبراهیم یونسی داوەتەوە؟**

- من ئەوەندە دەڵێم خۆزگە تا لە ژیاندا بوو رۆشنبیرانی کورد زیاتر ئاوڕیان لە ئیبراهیم یونسی بدایەتەوە، بەڵام پاش مەرگیشی ئەم کارانەی ئێوە دەیکەن لە رۆڤار خراپ نییە و جێگەی دەستخۆشییە، چونکە خزمەتەکانی ئەو بە کولتووری نەتەوەکەمان رەنگە هێندەی دە دەزگای میدیایی و دە حیزبی کوردی زیاتر بێت بە کولتووری نەتەوایەتیمان.